

**کوردۆ عەلی(دوکتور سەروەت) و شانۆی کۆچەر!**

منداڵێک کە باوکی زۆر بە پەرۆشی بوو، زوو بگاتەوە ماڵێ، سەر لەم وڵات و ئەو وڵات و ئەم شار و ئەو شار دەردێنێ، هەتا بەیەکجاری دەگەڕێتەوە ماڵێ، بەڵام زۆر زۆر درانگتر لەوەی باوکی چاوەڕوانی دەکرد!

ئەوەی سەروەت محەممەد ئەمین چۆن و چلۆن گەیشتبووە لای ئێمە، تەنیا یەک لە چیرۆکەکانی ژیانی کوردۆیە. کاتێک دۆستێک ناوی کوردۆ عەلی هێنا و داوای کرد ببێتە هاوکارمان لە ناوەندی شانۆی کۆچەر، لام وابوو، ئەویش لە کوردەکانی ئێرەوان و تەفلیسە، کە دووان لەوان هاوکارمان بوون، وەک چەند لە کوردەکانی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کە هەموویان لە دەوری شانۆ کۆببوونەوە.

تەلەفونم بۆ کرد، لە سولەیمانی و پێمگوت گەر ڕازی بێت لە شانۆی کۆچەر دایدەمەزرێنیین. پێی سەیر بوو، ئەو لە سولەیمانی و ئێمە لە کۆڵن، چۆن ئەومان دیتۆتەوە! کە بینیم نە لە خەڵکی سولەیمانی دەچوو، نە لە ئێرەوانی. لە هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانگووت باشووری، یان خەڵکی کوردستانی عیراقن، نەدەچوو. ئارام و لەسەرخۆ بوو. ماڵی لە شارێکی باشووری ئاڵمانەوە، گواستەوە بۆ شاری کۆڵن، بوو بە کارمەندی شانۆی کۆچەر و دۆستێکی نزیک!

کوردۆ لە بیر و هزر و تێگەیشتندا بە گوڕ بوو، گرێدراوی سەردەم بوو، ڕۆژێکیان گوتی دوودانە کامپیوتێری باشم پەیداکردووە، کە دەتوانیین کوردی پێبنووسین. ئەو دەم کوردی نووسین بە پیتی کوردی سۆرانی زەحمەت بوو، شیرکەتی ئەپڵ، کەتە پرۆگرامێکی بۆ نووسینی عەڕەبی داڕشتبوو، کە دەکرا کوردیشی پێبنووسرێ. چووین و لە شارێکی دیکە هەردووک کامپیوتێرمان هێنا، کە یەکیان هەر ماوە و ڕێک سی ساڵ لە تەمەنی تێدەپەڕێ. نووسراوەکانی کوردی و ئاڵمانی کە بە دەستی کوردۆ نووسراون، لە سەر دیسکی 3/5 ئینچی ٩٠ میلیمیتر، پارێزراون.

کوردۆ گەلێک جار چ لە ماڵەکەی خۆی، چ لە دەرێ و چ لە کۆچەر، بەسەر هاتەکانی خۆی دەگێڕاوە، لە هەموو گێڕانەوەکانیدا، هەست و خۆزیایەک بە نهێنی دەمایەوە. ڕۆژێکیان گوتی، خۆ ناگرم دەمەوێ بگەڕێمەوە کوردستان.
چوو، زۆری پێچوو، کە گەڕاوە، وتی "بەڵێنی پێکهێنانی کۆلجی هونەریان پێداوم، بەڵام هیچ بەرنامە و پرۆگرامێک لە ئارادا نییە". بە پێی بەرنامە و پرۆگرامەکانی بەشەکان شانۆ، دراماتۆگی و تێئاتر پێداگۆگی لە ئاڵمان، چارتێکمان ئامادە کرد و کوردۆ گەڕاوە کوردستان.

ساڵی ٢٠٠٥ نازانم چۆن ئاگادر کرابوو، کە من لە سولەیمانیم! لە هۆڵی ڕێستۆرانێک دانیشتبووم، لە ناکاو نیگام لە نیگای کوردۆ گرێ درا، سەروەت بە چاو ڕایدەکرد، بەڵام بە زەحمەت هەنگاوی هەڵدەهێناوە. خۆی هاویشتە باوەشم. نە من قسەم بۆ دەهات، نە ئەو. لە یەک گرێدرابووین و مەیلی

جیابوونەوەمان نەبوو. کە سەری لە سەر شانم هەڵبڕی، چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون، کاک دوکتور دەگریا.
پرسیم چۆنی؟ گوتی:" بارام لێرەش غەریبم" پاشان چاوی لە چاوەکانم بڕیو و گوتی:"بەڵێنێکم بۆ تۆ دابوو، بۆم نەچووە سەر، بمبوورە!"

کوردۆ عەلی، مرۆڤێکی جیاواز بوو،کە لە ناو خێڵەکەی خۆیدا، نەبیندرا، لە هەندەرانیش خۆی بۆڕانەدەگیرا. باوکی باشی ناسیبوو، سەروەت دەبوو زوو بگەڕێتەوە، بەڵام کە درانگ گەڕاوە، نە گەڕەکەکەیان گەڕەکی جاران بوو، نە سولەیمانی و خەڵکەکەی، شار و خەڵکی جاران!

یادی پایدار

برایم فەڕشی